www.kurdistannet.org
10-4-2003 1:02

# ئەرێ بۆ ئاڵای کوردستان هەڵناکەن؟!

مەهاباد کوردی، ستۆکهۆڵم ٩-٤-٢٠٠٣

لە یەکێ لە سەردانەکانمدا بۆ باشووری کوردستان توانیم چەند کتێبێک لەگەڵ خۆم بێنمەوە سوێد. یەکێ لەو کتێبانە بەرهەمە نازدارەکەی مامۆستا (ئیبراهیم ئەمین باڵدار) ە، ئەلف و بێی نوێ، کە بێگومان ڕۆڵی ئەم کتێبە لە فێرکردنی ئەلف و بێی زمانی کوردیدا لەکن هەموو لایەکمان ڕوون و ئاشکرایە. کتێبی ئاماژە بۆ کراو لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی (هەرێمی کوردستانی عێراق) ، چاپی بژارکراو، لە هەولێر/١٩٩٨ چاپ کراوە.

لە وانەی لاپەرە ٦٦ی ئەم کتێبەدا لەمەڕ ئاڵای پیرۆزی کوردستان هاتووە:

( ئاڵای وڵاتمان

ئاڵای وڵاتمان خۆشەویستە.

ئاڵایەکی جوانی چوار ڕەنگە.

سوور و، زەرد و، سپی و، سەوزە.

لای ئێمە زۆر مەزن و بەڕێزە.

ئاڵامان کە دەشەکێتەوە،

سەرمانی پێ بەرز دەبێتەوە) .

من لەم کورتە باسەدا لەسەر بابەتی پەروەردە و خوێندن نانووسم. ئەوەندە خۆم لە ناوەڕۆکی کتێبەکانی قوتابخانەش لە کوردستان هەڵناقوتێنم. ئەز باس لە شتێ دەکەم کە پەیوەندی بە ئاڵای ڕەنگینی کوردستانەوە هەیە. هەر بۆیە لێرەدا ئەم وانەیەی سەرەوەشم هێنایەوە. خوێنەر لە کۆتایی باسەکەدا لەو پەیوەندییە دەگات کە لە نێوان باسەکەی من و ئەم وانەیەشدا هەیە.

دوای ئەم چەند وتانە جێی خۆیەتی بچینە سەر مەبەستی سەرەکیی ئەم کورتە نووسینە و بە پێی تواناش هەنگاوان بنێین: جەنگی ئەمەریکا لە هەمبەر ڕژێمی ڕەگەزپەرستی سەددام و دار و دەستەکەی، کە هەر لایەن و دەوڵەت و کەسێک ناوێکی لێ دەنێت، دیارە لە هەمان کاتیشدا چەندین پێشهاتی نوێ و ئەنجامی جیا جیا و خراپ و باشیشی لێ دەکەوێتەوە. من وەک کوردێک و ئەندامێکی سەر بە نەتەوەیەکی بندەست، لە قووڵایی دڵ و دەروونمەوە چاوەڕێی ڕووخانی ڕژێمی سەددامی جەللادی کورد دەکەم. ئەمەیان هیوا و ئاواتی چەندین ساڵەی هەر کوردێکی نیشتمانپەروەر و دڵسۆز و بە شەرەف بووە. هێڤیدارم گۆڕانکاری و پێشهات و ڕووداوەکان لە بەرژەوەندی نەتەوایەتی و نیشتمانیی گەلەکەماندا بێ و کوردیش بە ئامانجە ڕاستەقینەکانی خۆی بگات.

ئەگەر هەر نەتەوە و نیشتمانێک خاوەنی هێما و سیمبۆلە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی خۆیان بن، خۆ ئەمە بۆ کوردیش هەر بە ڕاست دەردەچێت. لە جەنگی ئەمڕۆی هێزی هاوپەیمانەکان (لە سەرووی هەموویانەوە ئەمەریکا و بەریتانیا) دەگەڵ ڕژێمی بەعسی عەرەبیی ڕەفتار نازیدا، کوردیش لە باشووری کوردستان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە و، ئەگەر سەرانی کورد و هەردوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی ئەوڕۆی ئەم پارچەیەی نیشتمان زیرەکتر و وریاتر و خەمخۆرتر بان و لە مێژەوە حیسابی ڕۆژێکی وەهایان کردبا، گومانم لەوەدا نییە کە کورد چاکتر دەیتوانی هەل و دەرفەتەکان لە قازانجی نەتەوەیی خۆیدا بقۆزێتەوە و سوودیان لێ ببینێت. ئەمە کە باسێکی دیکەیە لەم نووسینۆکەیەدا جێی نابێتەوە.

ڕزگارکردنی هەر بستێکی خاکی وڵات لە دەست دوژمنانی هۆڤ و داگیرکەر، هەمیشە و هەمیشە ئاوات و ئامانج و خەون و حەسرەت و خەمە گەورەکانی ڕۆڵە خۆشی لە خۆ نەدیوەکانی ئەم نەتەوەیە بووە. ئەمەیان لای هەر کوردێکی نەتەوەپەروەر و ئازادیخواز و کوردستانپەرست مەسەلەیەکە قسەی لەسەر نییە، بەڵام ناکرێ خۆمان لە هەندێ شت یان دیاردە گێل بکەین کە بەبەر چاوماندا دێن و گوزەر دەکەن.

من خۆم وەک هەزاران کوردی پەڕاگەندەی تری ئاوارەیی و دوورەوڵات ڕۆژانە بە بەردەوامی چاو لە کەناڵە کوردییەکان دەکەم. دیارە بۆ من، دەنگوباسەکان و چۆنیەتی نیشاندانیان و گفتوگۆکردن لەسەر ڕووداوەکان و کاریگەرییان لەسەر ژیان و داهاتووی سیاسیی خەڵکی چەوساوە و تینووی ئازادیی یەکجارەکی کوردستان، لە هەموو شتێکی دیکە گرنگترن.

ئەمەریکاییەکان، کە بە زەبری فڕۆکە و ئاگر و ئاسن، دەبنە هۆیەکی سەرەکی تا هێزە داگیرکەرەکانی عێراق خاکی کوردستان چۆڵ بکەن، کارێک نییە کە لە کەس شاراوە بێت. من ناڵێم پێشمەرگەی کوردستان لە وەها کارێکدا ڕۆڵی نییە، بەڵام ئاشکرایە لەم ڕەوشەی ئێستادا ئەمەریکاییەکان دەیانەوێ خۆیان، نەک کەس و لایەنێکی دیکە، ڕۆڵە سەرەکییەکە بلەیزن.

لەم یەک دوو هەفتەیەی دواییدا سوپا زەبەلاح و کوردکوژەکەی عێراق لەرزە لەرزی وێ کەوتووە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێگە و بارەگاکانی خۆی، لە بەردەم هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بە یارمەتی چڕ و پڕی هێرشی ئاسمانیی ئەمەریکاییەکانیش، لەدوو خۆی جێ دەهێڵێ و زۆر بە ئاسانیش ئەندامانی ئەم سوپا ئەنفالچییە خۆیان بە دەستەوە دەدەن. لە گەرمەی ئەم پاشەکشێ و ملشکانەی سوپای سەددامیشدا، پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بە لەزوبەز دەست بەسەر ئەو ناوچە و گوند و بارەگا و شارۆچکە کوردستانییانەدا دەگرن کە چۆڵ دەکرێن. شتێ کە زۆر سەرنجی ڕاکێشام ئەوەیە کە لە میانەی ئەم کارە سەربازییانەدا، چ پارتی و چ یەکێتیش، لە هەڵپەی ئەوەدان هەرچی زووترە بتوانن سنووری دەسەڵاتی، بە داخەوە حیزبایەتی خۆیان، بەرفراوانتر بکەن و پەرۆ چڵکنە حیزبییەکانی خۆشیان بەرز و بەرزتر ڕاگرن. ئەرێ گەلی برادەرینە ئاڵای ڕەنگین و پیرۆزی کوردستان چی بەسەر هات؟!

هەر کە گوندێک، تەپۆڵکەیەک، شارۆچکەیەکی ئەم نیشتمانە لە چنگی قرێژ و ژەهراوی سوپای داگیرکەری بەعس ڕزگاریان دەبێ، زۆر پێویستە و کارێکی نەتەوەیی و نیشتمانی و کوردستانیشە کە بە هێمایەکی نەتەوەیی، نەک حیزبایەتی تەسک و بێ مانا، بڕازێنرێنەوە. تەنیا بۆ نموونە: چەند مایەی دڵخۆشیی خەڵکی شارۆچکەی (فایدە) دەبوو کە پێرێ، دوای ڕزگاربوونیان لەژێر دەسەڵاتی ڕەشی بەعس، یەکەم شت کە چاویان پێ کەوتبا ئاڵای پیرۆزی کوردستان با نەوەک ئاڵا زەردەکەی پارتی! ئاخ لە دەست زەرد و کەسکەکان کە بیر لە مەسەلەیەکی وا ئاسان، لێ گرنگ و پڕ مانا ناکەنەوە! پارتی یان یەکێتی یانیش هەر ڕێکخراوێکی تری سەر گۆڕەپانی ئەمڕۆی خەبات لە کوردستان، تەنێ ئەو کاتانە سەریان بڵند دەبێ، گەر بتوانن سەری کوردیش بڵند بکەن. تۆ بڵێی هێشتا کاتی ئەوە نەهاتبێ ئەوان بیر لە خاڵێکی وا مانادار بکەنەوە؟!

ماوەیەکی ئەوەندە زۆر نابێ جەماوەرێکی مەزن و بەرچاوی کوردستان ئاڵای پیرۆزی خۆیان لە دەستدا بوو و، بە یەک دەنگیش لە دژی تورکیای داگیرکەری گەورەترین پارچەی کوردستان و دەستێوەردانەکای لە باشوور هاواریان دەکرد. کوردگەلێکی جەرگسووتاو ئاڵای تورکانیان ئاگر تێبەردا و بەم کارەشیان ئاگری ڕقی ڕەوای خۆیان دامرکاند. سەرانی هەردوو پارتە حوکمڕانەکەی باشووری کوردستان و دام و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیان بەو کوردە دڵبریندارانەیان دەگوت: بێ ئەخلاق، گێرەشێوێن، ئاژاوەچی و زۆری تریش. ئەو سەرکردە کوردانەی کە لەبەر سووتاندنی ئاڵای تورک

**هاونیشتمان و هاوزمانانی خۆیانیان بە بێ ئەخلاق ناو دەبرد، ئایا ئێستا هەر بۆ خۆیان مایەی کەمایەتی و شەرم و شوورەیی نابێ کە نەوێرن ئالآی پیرۆزی ولآتەکەیان لەسەر ئەو شوێنانە هەڵکەن کە ئازاد دەکرێن؟!**

**یەکێتی و پارتی لە کاتێکدا کە باس لە (سەرکردایەتی هاوبەش) ی نێوان خۆیان دەکەن، کەچی بە کردەوە لە ڕووی ئاستی سەربازییەوە بە پێچەوانە هەنگاو دەنێن. ئەوان دەبوو پێش هەر شتێک هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکەن بە یەک و لەشکرێکی کوردی ڕێکوپێک و یەکگرتوویان لێ پێکبێنن. دیارە ئەمە هەردوو حکوومەتە هەرێمییەکەشیان دەگرێتەوە.**

**من کە وێنەی ئالآی پیرۆزی کوردستانم لەسەر شانی هەندێ لە هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان چاو پێ کەوت، مەگەر تەنیا خوا بە خۆی بزانێ چەند دڵخۆش بووم. لە هەمان کاتدا کە لە جیاتی ئالآی کوردستان، ئالآی پارتی و یەکێتیم لە شوێنە ئازادکراوەکانی ولآت بینی، بە دەست خۆم نەبوو پەست و خەمگین و دڵگران بووم. ئەگەر هێزەکانی پارتی و یەکێتی وەک تەنیا هێزێک هەڵسوکەوتیان لە ئاست ڕووداو و پێشهاتەکان کردبا، ئەو دەمە وێنەیەکی جوانترمان لە مەسمێدیاکانی جیهان سەبارەت بە کورد دەبینی و، بابایەکی وەک منیش لە گوڵ جوانتری بەوان نەدەگوت.**

**ئالآی کوردستان کە هێما و سیمبۆڵی نەتەوە و نیشتمانێکە، شایانی ئەوەیە لەسەر هەر بستێکی ڕزگارکراوی خاکی کوردستاندا بشەکێتەوە!** mehabadk@hotmail. com

<u>تێبینی</u>: تازە لە ئامادەکردنی ئەم بابەتە بووبوومەوە، کە چاوەکانم بە دیمەنی هێنانە خوارەوەی پەیکەری سەددامی خوێنڕێژ، وەک ملیۆنان مرۆڤی کورد و قوربانییانی تری دەستی ڕژێم، فرمێسکی شادییان تێزا. ڕووخانی ڕژێمی بەعسی عەفلەقی لە بەغدا و ئەگەر و پێشهاتەکانی دوای نەمانی سەددام، دەبێ زۆر بە وردییەوە تێیان بڕوانرێ. کورد دەبێ لە هەر کەس و لایەنێکی دیکە زیاتر چاو کراوە بێ و حیساب بۆ بەرژەوەندییە سیاسی و ئابووری و نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی خۆیشی بکات.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت